

# زەمەنی ئاینده،

# زەمەنی بیٚ دۆستیی باخچە لەکۆڵان

حسێن ئەحمەد

فەرەنسا

زەمەنی ئاینده؟
زەمەنی جێهێشتنی دەریایە لەلای مانگ
زەمەنی بردنی ئەستێرەیە بۆ دیاری
زەمەنی گەڕانەوەی بەختیارییە بۆ ماڵ
زەمەنی پێوەدانەوەی پاکێتی ئەوینە وەك دەرگا
زەمەنی لەسەردەرکردنی وەختە وەك سواڵکەر
زەمەنی منداڵانە پیاسەکردنە بەعەشقا
زەمەنی داهاتوو؟
زەمەنی وەلانانی ئامۆژگارییە بچکۆلەکانی داپیرەیە
بۆ بابە
زەمەنی وێڵکردنی بابەیە بەکۆڵانەکانی پیرییا
زەمەنی کوژانەوەی مۆمە سوتاوەکانی خودایە لەناو شار
زەمەنی بەشاری کردنی شەیتانە چوون رەحمەت
زەمەنی ماڵی کردنی بەهەشتە،
لەماڵێکی بێدەنگو تەنیادا
دواکاتی جێنشینکردنی دۆزەخە وەکو من
کە موبتەلای ژورێکی روناکم بۆ خەیاڵ
کە نیشتەجێی ئێوارەیەکی غەریبم بۆ مردن
ئێوارەیەك لە دەردا کارییە

لەغەمگینیدا بیمارە
لەبیٚ دۆستیدا خائینە.
ئەگەرچی بیٚ دۆستی
هێنانەوەی بێشەنسی خۆیەتی بە بەدیل
نیشاندانی بێدالّدەیی ئەستێرەکانە بەهێما
کۆکردنەوەی زامە خوێناوییەکانی دلّیەتی بەئاواز
بێدۆستی
هەلّکردنی پەیداخەکانی غەمگینییە بۆ مانگ
راکێشانی شمشێرە نووستووەکانی نەفرەتە لەڕۆژگار
بڕینی کیفە بەتالّەکانی زەمەنە بۆ شکست
خواردنەوەی خوێنە سەوزەکانی باخچەیە بۆ مەستبوون
کشانەوەی جەنگاوەرە سەر پەتییەکانی خۆمانە لەعەشق
لەڕامان، لەدرەوشانەوەی دلّی یار
لەو رۆژانەی تۆ بەچنگێك خەفەتەوە
مالّ بەمالّ بەشوێن قومێك ئاسودەگی بەیانییەکاندا ئەگەڕێیت
بەدووی مشتێك پێکەنینی سێبەرەکاندا ون دەبیت
وەك پیاوێك کە ویٚلّی خۆی خستۆتە پێش ویٚلّیی کاتەوە
کە کۆچی خۆی لەپێش کۆچی بالّندەکانەوە دەبینێت
ئەم تەلبەندانە جێدیٚلّیت، ئەم زەرگانەی لەسینەمانەوە دەنگیان دێت
ئەم گوللەیەی دلّی با دەپێکێت ئاو دەخاتە سەر خوێن
نەزیفی باخچە بەرئەدات
وەك بێلانەترین قوماریاز زارەکان دەگرێت و
بەبێدەنگی لەبەر شەوگارەوە دەلّێیت:
زەمەنی ئایندە؟
زەمەنی کردنەوەی دەرگاکانی سینەیە بیٚ ترسان
زەمەنی لەڕولادانی پەچەیە وەك دەسمالّ
زەمەنی عاشق بوونی خوشکەکانمانە بیٚ دالّغە
زەمەنی ئایندە؟
زەمەنی رووتکردنەوەی یارەکانمانە لەکۆلّان
زەمەنی دەستخەڕۆکردنی رۆژگارە بەخەندە
زەمەنی رێککردنەوەی هێلّە ناتەریبەکانی کولتورە

بۆ سوعبەت..
زەمەنی ئایندە؟
زەمەنی شەقاوەبوونی من و تۆیە
من و تۆ..
کە هەمیشە خەریکی رستە لەبەرکردنین بۆ شیعر
کە ماندوین بەدەست خەمە ساردەکانی خوداوە
من و تۆ..
کە حیکایەت دەگێڕینەوە بۆ دەریا
کە بەنەسەب دەچینەوە سەر رەنگی کاڵفامی و کەرێتی
ئەی تۆ.. پێم بڵێ؟
لەو بەیانییە ساردانەدا چیدەکەیت؟
چیدەکەیت کە قورساییت
هێندەی قورسایی پیاوێکە لەسەر مانگ
کە زانیاریت هێندەی زانیاری کۆترە لەسەر خوێن
چیدەکەی کە حەقیقەت وەك ملێك زەنگیانەی دەستی یار
لەدەزبازیی ئەم گەمە ساردانەدا دەپچڕێ و
کەس بەوردیی دەنکێك ناباتەوە بۆ عەشق
بۆ پێغەمبەر، بۆ سەردڵی سوری شەهیدێك بەگوللە
بەڵام ئەی دۆست
مانەوەی تۆ مانەوەی بارانە لەئاسمان،
مانەوەی تەنهاییە لەماڵ
مانەوەی ئایەتەکانە لەمزگەوت
مانەوەی منداڵییە لەکۆڵان
تۆ بزرت کرد
ئەو رەنگەی لەبێدەنگی ناچێت
لەخەمگینی ناچێت، لەئێوارە ناچێت
لەشاهامەت ناچێت، لەجەنگەکان ناچێت
لەم رۆژانەش ناچێت کە خووت بەئەستێرەوە گرتووە
کە دڵت لەدرێژیی کێشەکانتەوە لێدەدات
لەو سپێدە شومەش ناچێت
پیاوێك لەنائومێدییەوە دەڵێت:

تۆ بۆ ئەوەی ببیتە عەتاری ئایندە
ئەبێت کوشتنی گوڵ فێربیت
بۆ ئەوەی ببیتە شاهەنشای بەیانی
ئەبێت جەنگەکان ماڵی کەیت
ئەو جەنگانەی فێڵی ئێمەن بۆ رشتنی خوێنی کۆتر
جادوی ئێمەن بۆ عاشقکردنی شمشێر
بۆ هەستانەسەرپێی چەقۆ، بۆ باڵابوونی دەستی رم
بەڵام پێم بڵێ ئەی سادە
ئەی ئەو پیاوەی کزۆڵی خۆت وەك بادە بەدەستەوە گرتووە
بچووکی خۆت وەك پارەی سەری مانگ خۆشدەوێت
زەمەنی ئایندە چیدەکەیت؟
فریشتەکان دەبەیتە سەر دەریا!
خشتەی رەنگ بۆ خودا دادەنێیت!
دەست دەگریت بەچاکی دونیاوە! چیدەکەیت؟
سەختە سەختە سەخت!
بردنەوەی ئەم تەنهاییە لەدۆڕانی جەنگەکانمانا بەیەکتر
دۆڕاندنی ئەم بەهەشتە لەبردنەوەی غەمگینییەکانماندا بۆ یەکتر
پێوەدانی ئەم دەرگایە لەکردنەوەی زیندانەکاندا بۆ ئەوان
کردنەوەی ئەم حەشارگەیە لەکلۆمی دەلاقەکاندا بۆ خودا.